# هەربەندەیەک تووشی تاعون ببێت ئارامگرانە وبە هیوای پاداشتی خودا لە شوێنی نیشتەجێبوونی بمێنێتەوە وباوەڕی وا بێت هیچ شتێک تووشی نابێت مەگەر ئەوە نەبێت کە خودا نووسیویەتی؛ ئەوا پاداشتی وەکو پاداشتی شەهیدە

لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پرسیاری لە پێغەمبەری خودا کرد -صلى الله عليه وسلم- سەبارەت بە تاعون، ئەویش هەواڵی پێیدا وفەرمووی: «ئەوە سزایەکە خوای گەورە دەینێرێت بۆ سەر هەرکەسێک کە خۆی بیەوێت، خوای گەورە کردوویەتی بە ڕەحمەت بۆ ئیمانداران، بۆیە هەربەندەیەک تووشی تاعون ببێت ئارامگرانە وبە هیوای پاداشتی خودا لە شوێنی نیشتەجێبوونی بمێنێتەوە وباوەڕی وا بێت هیچ شتێک تووشی نابێت مەگەر ئەوە نەبێت کە خودا نووسیویەتی (خودا لە قەدەردا بڕیاری لەسەر داوە)؛ ئەوا پاداشتی وەکو پاداشتی شەهیدە».

[صەحیحە] [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

لەم فەرموودەیەدا عائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- پرسیاری لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کرد سەبارەت بە تاعون، ئەویش پێی فەرموو کە تاعون سزایەکە خوای گەورە -سبحانە وتعالى- دەینێرێت بۆ سەر هەربەندەیەک خۆی بیەوێت. ئینجا ئەگەر تاعونێکی دیاریکراو بێت یان پەتایەکی گشتی بێت وەکو کۆلێرا ونەخۆشیەکانی تر؛ ئەم تاعونە سزایە خودا دەینێرێت، وبۆ ئیماندرارا ڕەحمەتە وئەگەر مسوڵمان تووشی بوو لە شوێنێکدا ولەوێ ئارامی گرت وداوای پاداشتی کرد لە خودا بەهۆی توشبوون بەم نەخۆشیە، وبزانێت ئەوەی خودا نەینووسیبێت تووشی نابێت؛ ئەوا خوای گەورە وەکو پاداشتی شەهیدێکی بۆ دەنووسێت، بۆیە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: (إذا سمعتم بە بأرض فلا تقدموا عليه، وإذا وقع بأرض وأنتم بها فلا تخرجوا فراراً منه) واتە: (ئەگەر سەبارەتی -سەبارەت بە ئەم نەخۆشییانە- بیستتان لە شوێنیکدا ئەوا مەچن بۆ ئەو شوێنە، وئەگەر لە شوێنێکدا تەشەنەی کرد وئێوەش لەوێ بوون ئەوا بۆ خۆ دەرباز کردن لەو شوێنە دەرمەچن). ئەگەر تاعون لە شوێنێکدا تەشەنەی کرد نابێت بچین بۆ ئەو شوێنە؛ چونکە چوون بۆ ئەوێ هۆکاری تیاچوونی نەفسە، وئەگەر لە شوێنێکدا ئەم تاعونە تەشەنەی کرد ئەوا نابێت بۆ خۆ دەرباز کردن لەوێ دەربچین، چونکە هەرچەندە ڕا بکەیت لە قەدەری خودا ئەگەر دابەزێت بەسەر شوێنێکدا ئەوا ئەم ڕا کردنە هیچ سوودی نابێت؛ ودەبێت لە حاڵەتی تەنگانەدا مرۆڤ تەنها بۆ لای خودا بگەڕێتەوە ولێی بپاڕێتەوە. ونهێنی پاداشتی شەهید بۆ ئەو کەسەی ئارام دەگرێت وداوای پاداشت دەکات بەهۆی توشبوون بە تاعون: ئەوەیە کە مرۆڤ ئەگەر لە شوێنێکدا بوو تاعون تێیدا تەشەنەی کرد بەهۆی ئەوەی ژیانی خۆشدەوێت ئەوا دەیەوێت دەربازی ببێت وڕا بکات لەو شوێنە، بەڵام ئەگەر مایەوە وئارامی گرت وداوای پاداشتی لە خودا کرد وبزانێت ئەوەی خودا نووسیویەتی تەنها ئەوە تووشی دەبێت، وپاشان بەهۆی ئەم نەخۆشیەوە مرد، ئەوا لێرەدا وەکو پاداشتی شەهیدێکی بۆ دەنووسرێت وئەمیش لە نیعمەت وبەخشینەکانی خوای گەورەیە -عَزَّ وَجَلَّ-.

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY

لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC
E-Da'wah Committee